# الصراع بين حزب البعث العراقي وحزب البعث السورى (١٩٦٨_١٩٧٣)

ڕەوەند جمال محمد شريف
رئاسة جامعة چەرموو-چەمچەمال-سلێمانية-اقليم كوردستان- العراق
rawandhistory@gmail.com
أ.م.د.هەرێم حسن احمد
قسم التاريخ –كلية العلوم الانسانية-جامعة راپەرين- اقليم كوردستان- العراق
haremranya58@uor.edu.krd

**الكلمات المفتاحية:** البعث , البعث السورى , الصراع , العراق , سوريا

**كيفية اقتباس البحث**

شريف , ڕەوەند جمال محمد ,هەرێم حسن احمد , الصراع بين حزب البعث العراقي وحزب البعث السورى (١٩٦٨_١٩٧٣) ,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، تشرين الأول٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:١٠ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

# الصراع بين حزب البعث العراقي وحزب البعث السورى (١٩٦٨_١٩٧٣)

# The Conflict Between the Iraqi Ba'ath Party and the Syrian Ba'ath Party (1968–1973)

Rawand Jamal m.sharif
rawandhistory@gmail.com
Department of History – Faculty of Humanities – Raperin University – Kurdistan Region – Iraq

Harem hasan ahmed
haremranya58@uor.edu.krd
President of Charmo University-Chamchamal-Sulaimani-Kurdistan Region-Iraq

**Keywords** : Baath Party, Syrian Baath Party, conflict, Iraq, Syria

**How To Cite This Article**
Sharif , Rawand Jamal m ,Harem hasan ahmed ,The Conflict Between the Iraqi Ba'ath Party and the Syrian Ba'ath Party (1968–1973) ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, October 2026,Volume:16, Issue 10.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**الملخص**

يُعَدُّ ظهور حزب البعث في كلٍّ من العراق وسوريا خلال أواخر أربعينيات وبدايات خمسينيات القرن العشرين من أبرز الظواهر السياسية في التاريخ الحديث للبلدين. وعلى الرغم من انطلاق الحزبين العراقي والسوري من منطلقات فكرية وأيديولوجية واحدة تقوم على مبادئ الوحدة العربية والاشتراكية والقومية العربية، فإن العلاقات بين النظامين اتسمت بالتوتر المستمر والصراع المتصاعد، الأمر الذي جعل من هذا الخلاف أحد أبرز النزاعات السياسية العربية في القرن العشرين.

وقد ازدادت حدة هذا الصراع عقب الانشقاق الذي شهده حزب البعث عام ١٩٦٦، وما تبعه من قيام قيادتين بعثيتين منفصلتين في العراق وسوريا. وتعود أسباب هذا التوتر إلى التباينات الفكرية والتنظيمية، والتنافس على الشرعية القيادية للحزب، والطموحات الإقليمية المتعارضة، فضلًا عن اختلاف توجهات السياسة الخارجية لكلا النظامين. ولم يقتصر الخلاف على الجوانب السياسية والأيديولوجية فحسب، بل امتد ليشمل المنافسة الاقتصادية، ولا سيما فيما يتعلق بقضايا النفط والمياه بين البلدين.

تتناول هذه الدراسة الأبعاد السياسية والفكرية والجيوسياسية للصراع بين حزب البعث العراقي وحزب البعث السوري، وتهدف إلى تحليل جذور الانقسام بين الطرفين، وتسليط الضوء على دور التنافس القيادي بين زعماء

الحزبين الذي تصاعد خلال أواخر ستينيات القرن العشرين، فضلًا عن دراسة انعكاسات هذا الصراع على المستويين الإقليمي والعربي خلال المدة (١٩٦٨–١٩٧٣)، مع الإشارة إلى تطوراته اللاحقة حتى عام ١٩٨٨ . واعتمدت الدراسة على المنهج التاريخي التحليلي والمنهج المقارن، مستندةً إلى مجموعة من المصادر الأولية والثانوية، شملت الوثائق الرسمية، والمذكرات الشخصية، والوثائق الدبلوماسية، والكتب الأكاديمية، والدراسات العلمية المتخصصة في الفكر البعثي وتطوراته في العراق وسوريا. كما تناولت الدراسة تحليل السياسات والاستراتيجيات التي انتهجها النظامان خلال تلك المرحلة التاريخية

وتوصلت الدراسة إلى أن اشتراك النظامين البعثيين في الأسس الفكرية والأيديولوجية ذاتها لم يمنع نشوء حالة من التنافس الحاد والمستمر بينهما، نتيجة الصراعات الشخصية بين القيادات، وتعارض المصالح الوطنية، والتنافس على النفوذ الإقليمي. وقد أسهم ذلك بصورة مباشرة في تعميق حالة الانقسام السياسي العربي وإضعاف فرص تحقيق الوحدة العربية. كما ترك هذا الصراع آثارًا مهمة على القضية الكردية، والتحالفات الإقليمية، وتوازنات القوى في منطقة الشرق الأوسط

وتخلص الدراسة إلى أن الصراع بين حزبي البعث في العراق وسوريا لم يكن مجرد خلاف ثنائي بين نظامين سياسيين، بل مثّل انعكاسًا لأزمة أعمق داخل الحركة القومية العربية خلال النصف الثاني من القرن العشرين. فبدلًا من أن يسهم في تعزيز مشروع الوحدة العربية، أدى هذا التنافس إلى تكريس الانقسام السياسي وزيادة حالة عدم الاستقرار الإقليمي. ومن ثمّ، فإن فهم طبيعة هذا الصراع يتيح رؤية أكثر عمقًا للتحولات التي شهدتها القومية العربية، وأنماط الحكم السلطوي، والعلاقات العربية–العربية في الشرق الأوسط المعاصر

**Abstract**

One of the most prominent features of political life in the modern history of Syria and Iraq, during the late 1940s and early 1950s, was the emergence of the Ba'ath Party in both countries. Although both the Iraqi and Syrian Ba'ath parties originated from the same ideology—advocating for Arab unity, socialism, and nationalism—the relationship between the two regimes was constantly characterized by tension. This rivalry is considered one of the most significant Arab political disputes of the 20th century. Following the Ba'ath Party split in 1966 and the rise of separate Ba'athist governments in Iraq and Syria, tensions intensified due to ideological disagreements, leadership competition, regional ambitions, and conflicting foreign policies. Beyond political and ideological struggles, the rivalry also extended to economic competition particularly disputes over oil and water resources between the two nations.

This study analyzes the political, ideological, and geopolitical dimensions of the conflict between the Iraqi Ba'ath Party and the Syrian Ba'ath Party. It aims to examine the roots of the division, the role of leadership rivalry between the heads of both parties—which intensified in the late 1960s—and the regional implications of these conflicts during the period of 1968–1973 (as well as the broader period leading up to 1988).

In conducting this research, a historical-analytical and comparative methodology has been employed, based on primary and secondary sources. These include official statements, memoirs, diplomatic documents, academic books, and scholarly articles related to Ba'athist ideology in Iraq and Syria. The study also evaluates the political policies and strategies of both regimes during this historical era.

The research concludes that despite sharing the same ideological foundations, both the Iraqi and Syrian Ba'ath regimes remained in constant and intense competition due to

personal leadership rivalries, state interests, and regional power ambitions. This significantly deepened Arab political fragmentation and undermined the prospects for Arab unity. Furthermore, the conflict had a profound impact on Kurdish politics, regional alliances, and the balance of power in the Middle East. In conclusion, the conflict between the Iraqi and Syrian Ba'ath parties was a reflection of a broader crisis within Arab nationalist movements during the late twentieth century. Instead of promoting Arab unity, the rivalry contributed to political fragmentation and regional instability. Understanding this conflict provides important insights into the transformation of Arab nationalism, authoritarian governance, and inter-Arab relations in the modern Middle East.

## ململانێکانی حیزبی بەعسی سوری و عێراق ١٩٦٨-١٩٧٣

ڕەوەند جمال محمد شریف
سەرۆکایەتی زانکۆی چەرموو-چەمچەمال-سلێمانی-هەرێمی کوردستان-عێراق
Rawand Jamal m.sharif
rawandhistory@gmail.com
زانکۆی جەرموو
ی.توێژەر
٠٧٥٠١٣٦٩٤٣٦
پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر-هەرێم حسن احمد
Harem hasan ahmed
بەشی مێژوو-کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان-زانکۆی ڕاپەرین- هەرێمی کوردستان-عێراق
haremranya58@uor.edu.krd
07510414526

### پوختە

یەکێك لە دیارترین سیماکانی ژیانی سیاسیی لە مێژووی هاوچەرخی سوریا و عیراق، لە کۆتایی چلەکان و سەرەتای پەنجاکان، دەرکەوتنی حیزبی بەعس بوو لە هەردوو وڵات. هەرچەندە هەردووحیزبی بەعسی عێراق و سووریا لە هەمان ئایدیۆلۆژییەوە سەریان هەڵدابوو، کە بانگەشەی یەکگرتووپی عەرەبی و سۆسیالیزم و ناسیۆنالیزمیان دەکرد، بەڵام پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو ڕژێمە بەردەوام لە ئالۆزیدابوو، کە بە یەکێک لە بەرچاوترین ڕکابەرییە سیاسییەکانی نێو عەرەب لە سەدەی بیستەمدا دادەنرێت. ئەمەش دوابەدوای دابەشبوونی حیزبی بەعس لە ساڵی ١٩٦٦ و سەرهەڵدانی حکومەتە جیاجیاکانی بەعس لە عێراق و سوریا، گرژیەکان بە هۆی ناکۆکی ئایدیۆلۆژی و کێبڕکێی سەرکردایەتی و تەماحی ناوچەیی و سیاسەتی دەرەکی ناکۆکەوە توندتر بوون. تەنانەت جگە لە ململانێی سیاسی و ئایدۆلۆژی، ڕکابەری ئابوریشی بە تایبەتی کێشەی نەوت و ئاو لە نێوان هەردوو وڵاتدا گرتەوە.

ئەم توێژینەوەیە ڕەهەندە سیاسی و ئایدۆلۆژی و جیۆپۆلەتیکییەکانی ململانێی نێوان حیزبی بەعسی عێراق و بەعسی سوریا شرۆڤە دەکات. بە ئامانجی شیکردنەوەی ڕەگ و ڕیشەی دابەشبوونەکە و ڕۆڵی ڕکابەریی سەرکردایەتی لە نێوان سەرکردایەتی هەردوو حیزب کە زیاتر لە کۆتایی شەستەکان دەستپێکرد و لێکەوتە ناوچەییەکانی ململانێکان لە ماوەی ساڵانی ١٩٦٨-١٩٧٣ گەیشتە لوتکە.لە نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا میتۆدی مێژوویی-شیکاریی و بەراوردکاری لەسەر بنەمای سەرچاوە سەرەتایی و لاوەکییەکان بەکارهاتووە، کە بریتین لە لێدوانی فەرمی، بیرەوەری، بەڵگەنامەی دیپلۆماسی، کتێبی ئەکادیمی و بابەتی زانستی پەیوەست بە ئایدۆلۆژیای حیزبی بەعس لە عیراق و سوریا. لەگەڵ هەڵسەنگاندنی سیاسەت و ستراتیژی سیاسی هەردوو ڕژێم لەو ماوە میژووییەدا.

توێژینەوەکە ئەوە دەردەخات کە سەرەڕای هاوبەشی هەمان بنەما ئایدیۆلۆژییەکانی ڕژێمی بەعسی عێراق و سوریا، هەردوو لایەن بە هۆی ڕکابەریی سەرکردایەتی کەسی و بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت و تەماحی دەسەڵاتی ناوچەییەوە بەردەوام لە کێبڕکێی تونداببوون. ئەمەش پارچەبوونی سیاسی عەرەبی بە شێوەیەکی بەرچاو قووڵتر کردەوە و ئاسۆکانی یەکێتی عەرەبی لاواز کرد. هەروەها ئەو ململانێیە کاریگەری لەسەر سیاسەتی کورد و هاوپەیمانی ناوچەیی و هاوسەنگی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبوو.

لە کۆتایدا ململانێی نێوان پارتەکانی بەعسی عێراق و سوریا ڕەنگدانەوەی قەیرانێکی فراوانتر بوو لەناو بزووتنەوە ناسیۆنالیستە عەرەبییەکان لە ماوەی کۆتایی سەدەی بیستەمدا. ڕکابەرییەکە لەجیاتی ئەوەی یەکێتی عەرەبی بەرەوپێش ببات، بەشداریی لە پارچەبوونی سیاسی و ناسەقامگیری ناوچەیی کرد. تێگەیشتن لەم ململانێیە تێڕوانینێکی گرنگ بۆ گۆڕینی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و حوکمڕانی تاکڕەوانە و پەیوەندی نێوان عەرەبەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی مۆدێرن دەدات.

## پێشەکی

پەیوەندییەکانی عێراق و سووریا لە سەردەمی دەسەڵاتی حیزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەبیدا، بە یەکێک لە ئاڵۆزترین و تێکهەڵچووترین پەیوەندییە عەرەبییەکان لە مێژووی سیاسی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێت،چونکە ئەم پەیوەندییانە بە گرژی و ململانێی بەردەوام دەناسرانەوە، سەرەڕای ئەوەی هەردوو ڕژێمەکە سەر بە هەمان مەرجەعیەتی فکری و سیاسی بوون کە لە ئایدیۆلۆژیای پارتی بەعس (یەکێتی، ئازادی، سۆسیالیزم) بەرجەستە دەبوو. لەبری ئەوەی گەیشتنی پارتی بەعس بە دەسەڵات لە عێراق و سووریا ببێتە هۆی جۆرێک لە لێکنزیکبوونەوەی سیاسی و یەکێتیی نەتەوەیی، کەچی پەیوەندی نێوان هەردوولا گۆڕا بۆ گۆڕەپانی ململانێی سیاسی، ئایدیۆلۆژی و ناوچەیی، کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر تێکڕای هاوسەنگییە سیاسییەکان لە ناوچەی عەرەبیدا هەبوو.

کودەتای ١٧ی تەممووزی ١٩٦٨ لە عێراق، کە پارتی بەعسی بە سەرکردایەتی ئەحمەد حەسەن بەکر و دواتر سەدام حسێن گەڕاندەوە بۆ دەسەڵات، وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لە سروشتی پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و دیمەشق، بەتایبەتی لە سایەی بەردەوامیی دابەشبوونە مێژوویییەکەی ناو حیزب لە دوای کۆنگرەی ساڵی ١٩٦٦، کە بووە هۆی سەرهەڵدانی دوو باڵی ڕکابەری بەعس لە عێراق و سووریا. هەروەها "بزووتنەوەی ڕاستکردنەوە" (الحركة التصحيحية) کە حافز ئەسەد لە ساڵی ١٩٧٠ لە سووریا ڕێبەرایەتی کرد، یارمەتیدەر بوو لە جێگیرکردنی ڕژێمێکی بەعسی سووری کە لە ڕووی سیاسی و ڕێکخراوەییەوە سەربەخۆ بێت لە سەرکردایەتی عێراق، ئەمەش ئاستی ململانێی نێوان هەردوولای قوولتر کرد و کێبڕکێیەکی لەسەر شەرعیەتی شۆڕشگێڕی و نەتەوەیی لە جیهانی عەرەبیدا دروست کرد.

ئەم ململانێیە تەنها لە ڕەهەندە ئایدیۆلۆژی و ڕێکخراوەییەکاندا کورت نەبووەوە، بەڵکو دۆسیە ستراتیژی و ئابووریەیە زۆر هەستیارەکانیشی گرتەوە، کە دیارترینیان ناکۆکی لەسەر ئاوی ڕووباری فورات بوو لە حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا، لە سایەی پڕۆژە ئاوییەکانی سووریا و کاریگەرییان لەسەر پشکی ئاوی عێراق. جگە لەوە، ململانێی بەردەوام لەسەر هەناردەکردنی نەوتی عێراق لە ڕێگەی خاک و بۆرییەکانی سووریاوە، کە گۆڕا بۆ ئامرازێکی فشاری سیاسی و ئابووری لە نێوان هەردوولادا، بەتایبەتی لە قۆناغی جەنگی عێراق-ئێران (١٩٨٠-١٩٨٨). هەروەها پەیوەندییەکانی هەردوو وڵات ململانێیەکی ڕووبی بەخۆیەوە بینی لەسەر سەرکردایەتیکردنی ناوچەی عەرەبی و پڕۆژەی نەتەوەیی عەرەب، بەجۆرێک کە هەر یەک لە ڕژێمەکانی عێراق و سووریا هەوڵیان دەدا خۆیان وەک نوێنەری شەرعی بیری بەعس و هێزی هەرە بەتوانای عەرەب بۆ ڕێبەرایەتیکردنی سیستەمی هەرێمیی عەرەبی نیشان بدەن.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە تیشک دەخاتە سەر سروشتی دابەشبوونەکانی ناو بزووتنەوە نەتەوەییە عەرەبییەکان، و ناکۆکی نێوان گوتاری یەکگرتووبی پارتی بەعس و پراکتیزە سیاسییە ڕاستەقینەکانی هەردوو ڕژێمی عێراق و سووریا دەردەخات. هەروەها توێژینەوەکە یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە سروشتی وەرچەرخانە ناوچەییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ماوەی دەیەی حەفتا و هەشتاکاندا، و کاریگەری ململانێی عێراق-سووریا لەسەر پرسە عەرەبی و ناوچەییەکان، بەتایبەتی جەنگی عێراق-ئێران، هاوسەنگییە عەرەبییەکان، پرسی کورد، و پەیوەندییە عەرەبی-عەرەبییەکان.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات هۆکارەکانی ململانێی نێوان پارتی بەعس لە عێراق و سووریا شی بکاتەوە، و ڕەنگدانەوەی هەردوو کودەتاکەی ساڵی ١٩٦٨ی عێراق و ١٩٧٠ی سووریا لەسەر سروشتی پەیوەندییەکانی نێوانیان بخاتە ڕوو، جگە لە لێکۆڵینەوە لە ناکۆکییەکانی سەر ئاوی ڕووباری فورات و هەناردەکردنی نەوتی

عێراق له ڕێگەی سووریاوە، و له کۆتاییشدا شیکردنەوەی ڕەهەندەکانی ململانێ لەسەر سەرکردایەتیکردنی ناوچەی عەرەبی. توێژینەوەکە پشت بە میتۆدی مێژوویی-شیکاری دەبەستێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی سەرچاوە سەرەتایی و لاوەکییەکان، بەڵگەنامە سیاسییەکان و ئەو توێژینەوە ئەکادیمیانەی کە پەیوەستن بە مێژووی پارتی بەعس و پەیوەندییەکانی عێراق و سووریا.

ئەم توێژینەوەیە لە سێ تەوەری سەرەکی پێکهاتووە. تەوەرەی یەکەم تایبەتە بە کاریگەری کودەتای ١٩٦٨ی عێراق و ١٩٧٠ی سوریا لەسەر پەیوەندی و ململانێکانی هەردوو حیزب. هەرچی تەوەرەی دووەمە ململانێی هەردوو حیزب لەسەر ئاوی روباری فورات و هەناردەکردنی نەوتی عیراق لە ڕێگەی سوریاوە شرۆڤە دەکات. لە کۆتایدا تەوەرەی سێیەم ململانێی هەردوو حیزب لەسەر سەرکردایەتیکردنی ناوچەکە شیدەکاتەوە.

**باسی یەکەم: کاریگەری کودەتای ١٩٦٨ی عێراق و ١٩٧٠ی سوریا لەسەر پەیوەندی و ململانێکانیان.**

دوای ئەوەی سەرکردە بەعسییەکانی عێراق، لەسەر وادەی دەستپێکردنی کودەتا لە دژی دەسەلاتی عبدالرحمان عارفی سەرۆك کۆمار ڕێککەوتن، ئیبراهیم عەبدولڕەحمان داود لە(17) ی تشرینی دووەم وەک وادەی کودەتاکە هەڵبژارد بە هیوای گەشبینی لەو ڕۆژەدا بە پشتبەستن بە لەدایکبوونی کوڕە یەکەمەکەی ئەرکان (لە(17) ی تەممووزدا، لە هەر حاڵەتێکدا لە بەیانی ١٧ی تشرینی دووەمی (1968) بەعسییەکان لە وێستگەی شەمەندەفەر لە سالحیەی بەغدا کۆبوونەوە و کاتژمێر(4:20) بەیانی چەکیان بەسەردا دابەش دەکرا بە ئۆتۆمبێلێک کە حەردان ئەلتکریتی شۆفێری دەکرد، ئەحمەد حەسەن بەکر لە تەنیشتی بوو، لە پشتیانەوە سالح مەهدی عەممماش و ئەنوەر عەبدولقادر ئەلحەدیسی دانیشتبوون، دوای ئەوان ئۆتۆمبێلێکی دابینکردنی سەربازی کە سەدام حسێن، تەها یاسین ڕەمەزان، جەعفەر ئەلجەعفەری، ذیاب العلکاوي، عیزەت ئەلدوری، سەعدون شاکر، عبدالامیر الناجی بلداوی و بەرزان تکریتی هەڵگرتبوو[١]، ئەحمەد حەسەن بەکر پلەی عەمیدەکەی لەسەرشانی دانا و کاتێک پیلانگێڕەکان گەیشتنە دەرگای بارەگای کەتیبەی تانکی پاسەوانی کۆمارییەکان، سەعدون غەیدان، فەرماندەی کەتیبەکە، فەرمانی بە پاسەوانی تایبەتی کەتیبەکە کرد دەرگاکە بکەنەوە و کەتیبەکە وەک بارەگایەک بۆ سەرکردایەتیکردنی کودەتاکە بەکارهێنرا .کاتێک پاسەوانەکان بە دەنگی تانکەکان لە خەو هەڵسان، ئاگادارکرانەوە کە تاهیر یەحیا دەیەوێت بە کودەتایەک سەرۆک عارف بڕوخێنێت و ئەو هێزەی کە لە بارەگای کەتیبەی تانکەکان کۆبوونەتەوە بە هانایەوە هاتوون و گەمارۆیان هەڵگرتووە[٢]، بەمشێوەیە کودەتا دژی دەسەڵاتی عەبدولڕەحمان عارف ئەنجامدرا.[٣]

کاتێک سەرۆک عارف لە خیانەتەکەی ئەفسەرانی کۆشکەکەی دڵنیا بوو، پەیوەندی بە پیلانگێڕانەوە کرد و لە تەسلیمبوونی خۆی ئاگاداری کردنەوە و داوای لێکردن کەسێک بنێرن بۆ یاوەری .ئەنوەر ئەلحەدیسی بە ئۆتۆمبێلێکی جۆری جیپ چووە بارەگای سەرۆک و هێنای بۆ فەرماندەیی پاسەوانی کۆمارییەکان، کە پیلانگێڕەکان لەوێ کۆبوونەوە .ئەفسەرانی کۆشکی بە هۆکاری خیانەتەکەیان زانی .پیاوەکە سەری سوڕما و سەرسام بوو بە خیانەتەکەی الداود و النایف و غەیدان، بەتایبەتی کە متمانەی پێکردبوون و باوەڕی بەو هەواڵە نەدەکرد کە پێی گەیشتبوو سەبارەت بە ئەنجامدانی پیلانگێڕی لە دژیان، دوای سەرکەوتنی کودەتاکە داوایان لە عارف کرد ئەو وڵاتە هەڵبژێرێت کە دەیەوێت سەفەری بۆ بکات، بۆیە لەندەنی هەڵبژارد چونکە هاوسەرەکەی لەوێ بوو بۆ چارەسەرکردن، پاشان بە ئۆتۆمبێلی تایبەتی گواستراییەوە بۆ مااڵی حەردان ئەلتکریتی، وە تا کاتژمێر(4) ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی دواتر خرایە ژێر پاسەوانییەکی تونددەوە، کاتێک ئامادەکرابوو بۆ فڕۆکەیەکی تایبەت گواستراییەوە بۆ لەندەن.[٤]

بەیاننامەی کودەتاکە کە پێشتر لەلایەن ئیبراهیم ئەلداودەوە ئامادەکرابوو و بە دەنگی حەردان تکریتی و هەڵگری ژمارە (1) بوو، بەیانی(17) ی تەممووزی (1968) لەڕێگەی ڕادیۆی بەغداوە پەخشکرا و کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی سەرۆک عەبدولڕەحمان عارف و پێکهێنانی ئەنجومەنی فەرماندەیی شۆڕشگێڕی [٥] ڕاگەیاند کە بریتی بوو لە :ئەحمەد حەسەن بەکر :سەرۆکی کۆمار
عەبدولڕەزاق ئەلنایف :سەرۆک وەزیران

ئیبراهیم الداود :وەزیری بەرگری
سالح مەهدی عەممماش :وەزیری ناوخۆ
حەردان ئەلتکریتی :سەرۆکی ئەرکانی سوپا
حەمەد شیهاب :فەرماندەی ڕاگەیاندنی بەغدا

سەعدون غەیدان فەرماندەی پاسەوانی کۆماری. لە ڕاگەیەندراوی کودەتاکەدا طاهر یحیا سەرۆك وەزیرانی عێراق هۆشداری داوە لەوەی بەرەنگاری ئەو کەسانە نەکاتەوە کە هاتوون بۆ دەستگیرکردنی، بەڵام ئەو بەرەنگاری بووەتەوە و لەکاتی دەستگیرکردنیدا تەقەی لێکراوە، وەزیرەکان و بیست و یەک کەسایەتی سیاسی دەستگیرکران، دەست بەسەر سەروەت و سامانیاندا گیرا[٦]، بەمشێوەیەش قۆناغێکی نوێ لە سەرکردایەتی حزبی بەعس هاتنە ناو گۆڕەپانی سەرکردایەتی عێراقەوە، کە بەعسییەکان بانگەشەی ئەو سەرکەوتنەیان وابەستەی سەرکەوتنی میللەت دەکرد و بە گەورەترین دەسکەوتی ڕۆحی ڕۆلەکانی عەرەبیان لەقەڵەم دەدا.[٧]

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین چۆن هاوپەیمانی نایف و الداود و غەیدان لەگەڵ بەعس ئەنجامدرا؟ گومانی تێدا نییە کە تەماح و سەرگەرمی هەمیشە ئەفسەرەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، ئەمە جگە لە تێکچوونی بارودۆخی دەسەڵات لە دوای پاشەکشەی مانگی حوزەیران، سەرەڕای ترسە ناسراوەکانیان لە" حزبگەری "و" سۆسیالیستەکان"ی بەعس و ئەزموونی خوێناوی( ٨ی شوباتی )١٩٦٣، وەک ئەوەی لە نێو ئەفسەرەکاندا باو بووە، وایان زانی کە حزبی بەعس خاوەن پێگەی جەماوەرییە و سوودی بۆ کودەتاکە دەبێت، کاتێک نایف ئەلداود بەشداری لە سەرکوتکردنی کودەتاکەی عارف عەبدولڕەزاقدا کرد [٨]کە زیاتر مەیلی بۆ جەمال عەبدولناسر هەبوو و بە ناسری ناسرابوو، لە ترسی تۆڵەسەندنەوە لە ئەفسەرە ناسریەکان، کە دەسەڵاتێکی هەڵوەشاوەی وەک ئەوەی عەبدولڕەحمان عارف ڕێگری لێ نەدەکرا، بەعسییەکان لە بەرامبەردا ترسیان لە تەماحی هاوبەشە ئەگەرییەکان هەبوو، بەڵام پێدەچوو پێویستییان بە پێگە کاریگەرەکانیان لەوە زیاتر بێت، ئەوەی هەمیشە گەورەتر بوو، بڕواو و متمانەیان بوو بە توانای پیلانگێڕی دژی نەیارانیان، ئەم بڕوایە زۆرجار سەدان کەس پێویستیان پێ بوو کە بڕیاریان دا حوکمڕانی ملیۆنان کەس بکەن، لەهەمان کاتدا هەریەك لە عەبدولڕەزاق ئەلنایف و ئیبراهیم ئەلداود و سەعدون غەیدان بە ترسەوە مامەڵەیان لەگەڵ بارودۆخدا دەکرد.[٩]

سەبارەت بەهەڵوێستی سوریا بەرامبەر ڕووداوە ناوخۆییەکانی عێراق و ئەنجامدانی کودەتای بەعسییەکان لە ساڵی (١٩٦٨)دا، دەرکەوت کە سوریا لەسەرەتای گرتنە دەستی دەسەڵاتی عەبدولڕەحمان عارفدا یارمەتی عێراقیدا بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی، بەڵام بەهۆی کێشە و ململانێ و ڕکابەری هەردوو حزبی بەعسی عێراق و حزبی بەعسی سوریا لەسەر سەرکردایەتیکردنی ناوچەکە، سوریا دژی عێراق وەستایەوە و دەرگای پەیوەندی بۆ هێزە بەرهە ڵستکارەکانی عێراقی والاکرد[١٠]، لەبەرئەوەی سوریا لەگەڵ حکومەتی عێراق ناکۆک بوو، بۆ پارسەنگی هێز بەشێوەیەکی کاتی یارمەتی هێزە کوردییەکانی داوە، بەڵام قەبارەی ئەو یارمەتییە کەم بوو[١١]، هەربۆیە سوریا بنکەیەک بووە بۆ هەستانەوەی خەباتی چەکداری کورد لە دژی عێراق، هەروەها بنکەی مەشق و ئامادەکاریی پێشمەرگە لە سوریا دامەزرابوو، ڕاهێنان بەپێشمەرگە کراوە و نێردراونەتەوە بۆ باشووری کوردستان[١٢].

حکومەتی سوریا لە هەوڵی دروستکردنی پەیوەندی دابوو لەگەڵ (س.ك[١٣] / پ.د.ك)، بۆ ئەم مەبەستە مەسعود بارزانی دەستەی نوێنەرایەتی خۆی لە سوریا ڕاسپاردووە بەمەبەستی دروستکردنی پەیوەندییەکان[١٤]، چونکە سوریا ناکۆکیی نێوان (س.ک/ پ.د.ک) و (ی.ن.ک)[١٥] پێ خۆش نەبوو، لەبەرئەوەی دەیزانی (س.ک/ پ.د.ک) پێگە و نفوزی لە سنوورەکانی تورکیادا

هەیە، رێگاکانی ناردنی چەکیش بە تورکیادا تێدەپەڕێت، بەبێ کرانەوەی رێگاکان (ی.ن.ک) ناتوانێت گەشە بکات. بۆ ئەم مەبەستە مەسعود بارزانی لەسەر بانگهێشتی سوریا سەردانی ئەو ولاتەی کردووە[١٦]. لە لایەکی دیکەوە نەبوونی دەرفەت لەبەردەم حیزبە کوردییەکان، چونکە ئێران رێککەوتنی لەگەڵ عێراق هەبوو، تورکیاش دژایەتی بۆ خەباتی سیاسی و چەکداری کوردی نەشاردبووەوە، ئەمەش پاڵنەری سەرەکی بوو بەشێک لە حیزبە کوردییەکان ڕوو لە سوریا بکەن، لە چوارچێوەی بەرەیەکدا درێژە بە خەباتە سیاسی و چەکداری بدەن بە ناوی (التجمع الوطني العراقي)، بەڵام (س.ک/ پ.د.ک) لەو بەرەیە ئەندام نەبوو، هەرچەندە سوریا یارمەتی کوردەکانی دەدا دژی عێراق، بەڵام مەبەستی نەبوو خەباتی چەکداریی کوردی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، چونکە لەو سوریا رێژەیەکی زۆر کوردی تیادا دەژیا، سووریا پێی وا بووە سەرکەوتنی کورد لە باشوور دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کێشە و ئاڵۆزی لە ناوخۆی وڵاتەکەی "[١٧]بەم شێوەیە شۆڕشی ١٩٦٨ی عێراق بووە هۆی سەرەتای سەرهەڵدانی ناکۆکی و دووبەرەکی لە مەیدانی سیاسی حزبی بەعسدا لە عێراق و سوریا, بەمەش کێبڕکێی ئایدۆلۆژیی لەسەر سەرکردایەتی ناو حزب گواستراپەوە بۆ ئاستی نێوان دەوڵەتان, بەعسییەکانی سوریا هەستیان کرد شەرعییەتی رژێمەکەیان دوای کودەتای ١٩٦٨ لە عێراق کەوتووەتە مەترسییەوە ,رژێمی بەعسی دراوسێ بوو بە بەربەستێکی گەورە لەبەردەم سەرکەوتنەکانی رژێمی بەعسی سوریا[١٨]، لە گفتوگۆ و دەربڕیندا هەردوو رژێمەکە ئارەزووی یەکگرتنەوەیان کردبوو بە پێی سەرچاوەی ڕاگەیاندنەکانیان، بەڵام لە کردارا نەتەوەخوازیی عەرەبی بوو بە سەرچاوەی هەڕەشە. چونکە سیاسەتی ڕەگەزی عەرەب و پارتی بەعس لە بنەڕەتدا ئامرازی کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات بوون لە هەردوو وڵاتدا, هەردوو رژێمەکە دەستیان کرد بە کێبڕکێ لەسەر هەمان ئامرازەکانی کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی بەعس و بە مەبەستی شەرعییەتدان بە رژێمەکانیان لە ناوخۆ و بەدەستهێنانی هاوسەنگیی ناوچەیی.[١٩]

بەعسییەکان لە سوریا شەرێکی پڕوپاگەندەیان لە دژی هاوتاکانیان لە عێراق دەستپێکرد بۆ ناشەرعیکردنی رژێمەکەیان[٢٠]، لە بەرامبەردا سەرکردایەتی بەعسی عێراق وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ سەرانی بەعسی سوریا لە بەیاننامەیەکدا بڵاویانکردەوە، کە سەرانی بەعسی سوریا تەنها ناوی بەعسیان هەڵگرتووە و هیچ پەیوەندییەکیان بە بەعسی عێراقیەوە نیە و دژی سروشت و ئامانجە ڕاستەقینەکانی بەعسن، هەروەها میدیاکانی رۆژئاواو بەشێک لە وڵاتانی عەرەبی بەمەبەستی تێکدانی نێوان سوریا و عێراق بەمەبەست زاراوەی بەعسی بەکاردەهێنن، بەشێکیش بە پێچەوانەوە بەمەبەستی نیازپاکی نیوان دەسەڵاتی سوریا و عێراق ئەم زاراوەیە بەکاردەهێنن، سەرەڕای ئەوەش هەموو جیهان دەزانێت کە لەڕاستیدا یەک دەسەڵات هەیە کە بەعسی بێت ئەویش بەعسی عێراقە، بەڵام بەعسی سوریا جگە لە ناوەکەی هیچ شتێکی هاوبەشی لەگەڵ پارتی بەعسیدا نیە .[٢١]

سەرەڕای ئەوەش عێراق پێشوازی لەو بەعسییە سوورییانە کردبوو کە لە حزب دەرکرابوون، دوای ئەوەی سوریا سزای ئابووری خستبووە سەر لوبنان، عێراق هاوکاری ئابووری لوبنانی کرد, چونکە بەعسییەکانی عێراق لە ڕووی دارایی و سیاسییەوە لە سوورییەکان بەهێزتر بوون[٢٢], ئەوان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە نوێنەرایەتی ئایدۆلۆژیای ڕاستەقینەی بەعس دەکەن، چونکە ئێستا میواندارێی میشێل عەفلەق دامەزرێنەری حزبەکەیان دەکرد و عێراق توانای سیاسی و ئابووری هەبوو بۆ گرتنەدەستی رۆڵی سەرکردایەتی بەعس .بەڵام سوورییەکانیش لە ڕووی سیاسییەوە بەهێز بوون .ئەوان بە شانازییەوە سووریایان وەک سەرکردەی مێژووپی حزبەکە دەبینی و لە وتارەکانیاندا بەردەوام جەختیان لەوە دەکردەوە کە میشێل عەفلەق سووری بووە، هەرچەندە لە ساڵانی دواییدا بەرەو بەغدا" هەڵاتبوو"، بەڵام بنەچەکەی وەک نیشانەی باڵادەستی سوریا لە بزووتنەوەی بەعسدا

دەهێنرایەوە .سەرەڕای ئەوەش سوریا بارەگای سەرەکی بەعس بوو، لە کاتێکدا بەغدا شانبەشانی وڵاتانی تری عەرەبی تەنها وەک ناوەندێکی هەرێمی دەبینرا.[٢٣]

سەرکەوتنی حزبی بەعسی عێراق بۆ سەر دەسەڵات، هانی بەعسییەکانی سوریایدا بۆ ئەوەی ببنە خاوەن دەسەڵاتی باڵا لە سوریا و بەمشێوەیە ناکۆکی و ڕکابەری کەوتە ناو ئەندامانی حزب لە سوریا، حافز ئەسەد دەیەوێست پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەعسییەکانی عیراق ئاسایی بکاتەوە و ئابووری سوریا بەڕووی دەرەوەدا بکاتەوە، هەروەها پێشنیاری کردنەوەی دەرگای حزبی کرد بە ڕووی خەڵکدا و دروستکردنی ئیدارەی خۆجێیی لە ئاستی پارێزگاکاندا، بەڵام سەڵاح جەدید کە ڕکابەری بوو زیاتر مەیلی داخستنی ئەندامێتی حزبی هەبوو بۆ ڕێگریکردن لە دزەکردنی بەرەی سۆشیالیزم.[٢٤]

دوای سەرکەوتنی حافز ئەسەد بەسەر سەلاح جەدیدا و بوون بە سەرۆکی سوریا، پەیوەندییەکانی سوریای لەگەڵ عێراق ئاسایی کردەوە، هەردوولا لە ئایاری ١٩٧١دا باسیان لە دابەشکردنی ئاوی فورات کرد ,هەروەها هەردوو وڵات کۆتوبەندە بازرگانییەکانیان لابرد و ڕێککەوتن لەسەر دروستکردنی بۆرییەکی نوێ لە" ڕومەیلەی باکوور"ەوە بۆ ئەوەی نەوتی کەرکوك لەڕێگەی بۆری بگەیەنێتە (بانیاس) بەڵام ئەم درێژکراوەیەی بۆرییەکە هەرگیز دروست نەکرا، هەردوو وڵات باسیان لە دروستکردنی هێڵێکی ئاسن کرد بۆ بەستنەوەی بەغدا بە دێرەزوور و حەلەبەوە.[٢٥]

ئەوەی تێبینی دەکرێت لە حوزەیرانی ١٩٧٢دا جیۆپۆلەتیک جارێکی تر بووەوە بە سەرچاوەی گرژی لەنێوان هەردوو وڵاتدا، ڕژێمی بەعس لە عێراق کۆمپانیای نەوتی عێراق (IPC) خۆماڵی کرد، کە لەو کاتەدا لەلایەن کۆمپانیاکانی بەریتانی، هۆڵەندی، فەرەنسی و ئەمریکییەوە خاوەندارێتی دەکرا، سوریا باجی گواستنەوەی بۆ ئەو نەوتەی کە لە ڕێگەی خاکەکەیەوە بە بۆری کەرکووک-بانیاس دەگوازرایەوە وەردەگرت، کاتێک عێراق نەوتەکەی خۆماڵی کرد، سوریا داوای نزیکەی دوو هێندەی باجی گواستنەوەی کرد، عێراقییەکان نیگەران بوون، سەدام حوسێن لە تەممووزی ١٩٨٢ لە کاسێتێکی تۆمارکراودا دەڵێت" :وەک بەشێک لە ناسنامەکەی نەتەوەخوازی عەرەبی، دەبوو سوریا پاڵپشتی ئەم هەنگاوەی خۆماڵیکردنی نەوتی عێراق کردبا.[٢٦]"

لە کانوونی دووەمی ١٩٧٣دا عێراق لەگەڵ سوریا لەسەر داواکارییەکانی گەیشتە ڕێککەوتن، "عێراق کە هیچ ڕێگەیەکی تری بۆ نەوتی کەرکوک نەبوو و ڕووبەڕووی هەڕەشەی سوریا ببووەوە بۆ داخستنی بۆرییەکە، چارەیەکی تری نەبوو جگە لە ملکەچبوون بۆ گوشارەکانی سوریا ."لەوکاتدا عێراق بۆرییەکی نوێی لە حەدیسەوە بۆ کەنداوی عەرەبی دروستکرد، بەمەش عێراق لە گوشارەکانی سوریا سەبارەت بە گواستنەوەی نەوت سەربەخۆ بوو، بۆرییەکە بە فەرمی لە ٢٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٥ کرایەوە.[٢٧]

لەگەڵ هاتنی جەنگی تشرینی یەکەمی ١٩٧٣، گرژی لەنێوان هەردوو وڵاتدا سەری هەڵدایەوە ,میسر و سووریا هێرشێکی کتوپڕیان کردە سەر ئیسرائیل .ئەوان سەرکەوتوو بوون لە کۆنترۆڵکردنی نیمچە دووڕگەی سینا و بەرزاییەکانی جۆلان، کە لە جەنگی ١٩٦٧دا لەدەستیان دابوو . ئیسرائیل وەڵامی دایەوە و سەرکەوتوو بوو لە پاشەکشەپێکردنی هێزەکانی سوریا لە بەرزاییەکانی جۆلان .سوپای ئیسرائیل گەیشتە دەروبەری دیمەشق.[٢٨]

هەرچەندە نەتەوەخوازیی عەرەبی ئامرازێکی ڕەوایەتی ڕژێم و هەژموونی ناوچەیی بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا کۆسپێک بوو بۆ سیاسەتی دەرەوە .بۆیە عێراق بڕیاری دا لە ساڵی ١٩٧٣دا بەشداری جەنگ بکات دژی ئیسرائیل بۆ بەرگریکردن لە دیمەشق .سەدام حوسێن لە ڤیدیۆیەکی تۆمارکراودا ڕایگەیاند : "بەبێ هێزەکانی عێراق، دیمەشق لەلایەن ئیسرائیلەوە داگیر دەکرا ."لە ڕاستیدا، فیرقەی زرێپۆشی "سەڵاحەدین "لە خاڵێکی یەکلاکەرەوەدا پێشڕەوی ئیسرائیلی ڕاگرت، ئەمەش وایکرد عێراق شانازی بە ڕزگارکردنی دیمەشق لە کەوتن بکات، هەرچەندە سەرکردایەتی عێراق دڵگران بوو بەوەی

پێشوەختە ئاگاداری جەنگەکە نەکرابوو، بەڵام هێشتا هێزەکانی لە سنوورەکانی ئێران کێشایەوە و ناردنی بۆ سوریا.[٢٩]

هەرچەندە ئەو جەنگە بووە هۆی ئەوەی هەردوو وڵات لە یەک سەنگەردا کۆببنەوە و هەندێک جار هەڵوێستێکی هاوبەش و یەکدەنگیان هەبێت، بەڵام نەیتوانی کۆتایی بە ململانێ و ناکۆکییەکانی نێوانیان بهێنێت، بە پێچەوانەوە ململانێکەیان بۆ قۆناغێکی نوێ و تووندتر گوازرایەوە، کە تێیدا هەر یەکێکیان هەوڵی دەدا نفووز و کاریگەریی سیاسی خۆی لە ناوچەکەدا زیاتر بکات، پرسی سەرکردایەتیی جیهانی عەرەب یەکێک بوو لەو بابەتە سەرەکییانەی کە هەردوو وڵات لە پێناوییدا تێدە کۆشان ، چونکە هەر یەکێکیان خۆی بە نوێنەری ڕاستەقینەی بیرۆکەی بەعس و پارێزەری پرسی عەرەبی دەزانی، بۆیە ململانێی نێوانیان تەنها سیاسی نەبوو، بەڵکو ململانێیەک بوو لەسەر نفووز، سەرکردایەتی و کاریگەری لە ناوچەکەدا[٣٠].

بەشداریکردنی عێراق لە جەنگەکە هەر چەندە چەندین سوودی بۆ وڵاتەکە هەبووە وەک بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و ڕاکێشانی هەست و سۆزی گەڵی عێراق بۆ لای سەرکردەکانی وڵات و بەهێزکردنی پێگەی حیزبی بەعس لە دەسەڵات، بەڵام عێراق لە بەشداریکردن لەو جەنگە بە قورس دەزانی بەتایبەت کە لەژێر ڕکێفی سوریا بچێتە جەنگەوە، هەر بۆیەش عێراق بەداواکاری سوریا نەچووە نیو جەنگەکە بەڵکو بە داوای میسر چووە نیو جەنگەکە، پاشان سەرەتایی چوونە ناو جەنگەکە لەڕێگای چەند فرۆکەیەکەوە (هێزی ئاسمانی) هاوکاری سوریا کرد پاشانیش هێزی پیادەی نارده سوریا[٣١].

لە بەرامبەر دا سورياش بەبەشداریکردنی عێراق ڕازی نەبوو، بەڵام بەهۆی سەخت بوونی شەڕەکەی و زیادبوونی مەترسی لەسەر پایتەختی وڵات بەهۆی هێرشە بەهێزەکانی ئیسرائیل بۆسەریان، ناچار بوون کە قبوڵی بکەن و لەپاشانیش دا سوریا چەندین هەوڵی دا کە لە کار و ئەرکەکانی سوپاکەی عێراق کەمبکاتەوە و وای نیشان بدات کە عێراق لەخەمی گەلی فەلەستین نیە بەڵکو بۆ مەرامی خۆی هاتۆتە جەنگەکە[٣٢].

شۆڕشی کوردانی باکوری عێراق بەشێک بووە لەناکۆکی نێوانیان لەم جەنگەکە چونکە عێراق ترسی هەبوو لە هاوکاری سوریا بۆ کوردان، کە سوریا بەئاشکرای دەرگای وڵاتەکەی بۆ کوردان واڵا کردبوو و ئامادە باشی دەربڕی بۆ هەموو هاوکارییەکیان، عێراقیش ترسی لەوە بوو بەهۆی ئەم جەنگە سوپاکە ماندوو شەکت بێت و لەپاشاندا شۆڕشگیرانی کورد بەشێوەیەک بەهێز بن کە لەدواتر دا سوپای عێراق نەتوانی بەسەریان دا زاڵ بێت[٣٣].

بۆیە دەبینین کە بەعسیەکانی عێراق لەدواتر هەوڵێکی زۆریان دا کە کوردەکانی وڵاتەکەیان ڕازی بکەن کە هاوشانی سوپای عێراق بینە ناو جەنگەکە، بۆ ئەوەش چەندین بەڵگەیان خستە ڕوو کە گوایە کورد هەر لە نەتەوەی عەرەبە و مەسەلەی ئایینیش کە موسڵمانن بۆیە بەشداریکردنیان لە جەنگەکە پێویستە، بەڵام لەپاشاندا سەرکردەی شۆڕشی کورد(مستەفا بارزانی) داواکاری دەوڵەتی عێراق ڕەتکردەوە و دووپاتی کردەوە کە کورد نەتەوەیەکی سەربەخۆیە و ئەم جەنگە پەیوەندی بەکورد نیە[٣٤].

یەکێکی تر لە هۆکارەکانی تێکچوونی پەیوەندی نێوان حیزبی بەعسی سوری و حیزبی بەعسی عێراق، نزیکبوونەوەی بەعسیەکانی عێراق بووە لە یەکێتی سۆڤیەت و بەپێی ڕێکەوتنی نێوان حیزبی بەعسی عێراق و حیزبی شیوعی عێراق لە ١٩٧٣/٧/١٧ کە ڕێکەوتن لەنێونیان کرا و چەندین کۆبونەوە لە بەغدا و ڕووسیا کرا بۆ ئەوەی بگەنە ڕێکەوتن، مەبەستی حیزبی بەعس ئەوە بوو کە لەڕێگای یەکێتی سۆڤیەتەوە نەوتی عێراق خۆمالّی بکات و دەسەلّاتی ئەمریکا لە عێراق کەم بکاتەوە و داهاتی عێراق زیاد بکات، ئەم نزیکبوونەوەش پەیوەندی نێوان هەردوو حیزبەکەی ئالّۆز تر کرد و پەیوەندی نێوان کورد و عێراقیش بەرەو خراپتر برد[٣٥].

حیزبی بەعسی سوری ئەم هەنگاوەی بەحسیەکانی عێراق بە دووژمنکاری خۆیان دەزانی و لەپێشتریش دا کاتێک لەسوریا دەستەی دامەزرێنەری حیزبی بەعس دوورخرانەوە لە بەغدا شوێنیان بۆ کرایەوە لەوی نیشتەجێ بوون، لەوانە(میشێل عەفلەق) کە یەکێک بووە لەدامەزرێنەری حیزبی بەعس لەسوریا کاتێک لەگەڵ هاوڕێیکانی دوورخرایەوە لە شاری بەغدا بارەگای بۆ کرایەوە و لەپاشاندا نزیکبوونەوەی بەعسیەکانی عێراق لە یەکێتی سۆڤیەت بە هەڕەش لەسەرخۆیان دەزانی، هەردوو حیزبی تۆمەتی ناشەرعی بوونی دەسەلّاتی ئەوەی تریان ڕادەگەیاند و شەڕی ئایدیۆلۆژی تا دەهات ئالّۆز تر دەبوو لەنێوانیان[٣٦].

هەروەها جگە لە کێشەی فەلەستینیش کێشەی سەرکردایەتی کردنی وڵاتانی عەرەبی کە ئامانجی هەردوو وڵات بووە، لەگەڵ ئەم پرسە زیاتر بەدەرکەوت و ململانێکەیان چووە قۆناغێکی سەخت، چونکە عێراق و سوریا خۆیان بەخاوەنی ڕاستەقینەی پرسی فەلەستین دەزانی و لەڕێگای ئەم پرسە هەوڵیان دەدا کە پشتوانی هەموو وڵاتانی عەرەبی بەدەست بهێنن و ببنە سەردار و گەورەی عەرەب[٣٧].

دوای جەنگی (ئۆکتۆبەر/١٩٧٣) هەردوو بەعس هەوڵیاندا خۆیان وەک نوێنەری سەرەکی خەباتی عەرەبی دژ بە ئیسرائیل بناسێنن، سوریا بە سەرکردایەتی(حافز ئەسەد) پرسی فەلەستینی بە بەشێک لە ستراتیژی سیاسی و سەربازی خۆی دەزانی و هەوڵی دەدا ڕێکخراوە فەلەستینییەکان بخاتە ژێر کاریگەری دیمەشق، بەتایبەتی ئەو ڕێکخراوانەی کە لە لوبنان و سوریا چالاک بوون، لە بەرامبەردا عێراق بە سەرکردایەتی ئەحمەد حەسەن بەکر و پاشان سەدام حوسێن، هەوڵی دەدا لە ڕێگای(پشتگیری دارایی، سەربازی و میدیایی) ڕۆڵی خۆی لە پرسی فەلەستیندا بەهێز بکات و خۆی وەک پارێزەری سەرەکی مافی فەلەستینییەکان پیشان بدات[٣٨].

بەڵام بڕیاری وەستانی جەنگەکە لەنێوان وڵاتانی عەرەبی بەسەرکردایەتی(سوریا و میسر و عێراق) لەبەرامبەر(ئیسرائیل) کە لەلایەن (ئەمریکا)وە پشتوانی دەکرا، کێشە و دەمەقاڵی کەوتەوە نێوان وڵاتانی عەرەبی لەسەر بڕیاری ڕاگرتنی جەنگەکەوە، ئەمەش بەهۆی ئەوە کە سوریا بارودۆخەکەی لەناوخۆ باش نەبووە و لەقەیرانی دارایی دابوو لەبەرامبەر دا عێراق لەو پەڕی ئامادە باشی دا بوو، ئەمەش تاڕادەیەک بارودۆخەکەی ئالّۆز کرد بەڵام بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئیسرائیل یەک دەنگ بوون بەتایبەت هەردوو وڵاتی عێراق و سوریا[٣٩].

هەر چەندە کە ئیسرائیلیش بە ئاگربەست ڕازی نەبوو بەڵام ئەمریکا ئیسرائیلی ڕازیکرد و دەوڵەتانی ناوچەکە لەوانە ئێران بەهەمان شێوەی عێراق ڕازی نەبوو بەم ئاگربەستە، بەڵام لە ١٩٧٣/١٠/١٢ ئاگربەستەکە کرا و عێراق یەکێک بوو لەودەوڵەتانەی کە تانەی لە سوریا دەدا و تۆمەتباری دەکرد کە دەستی لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکا تێکەڵاو کردووە و پرسی فەلەستینی پشت گوێ خستووە، هەروەها عێراق تەنیا خۆی بەخاوەنی ڕاستەقینەی پرسی فەلەستین دەزانی و ئەوانی تر بەتایبەت سوریایی بە خیانەتکار ناو دەبرد (٤٠)

عێراق پەنجەی خیانەتیان بۆ خودی(حافز ئەسەد)ی، سەرۆکی سوریا درێژ کرد کە خیانەتی لە کێشەی فەلەستین کردووە، چونکە سوپای عێراق لە ناو خاکی سوریا لە گەرمەی جەنگ دا بووە،بەڵام حافز ئەسەد تەلەفۆنی بۆ (ئەحمەد حەسەن بەکر)کردووە و پێی گوتووە پاشەکشی بکەن و بگەڕێنەوە وڵاتی خۆتان، ئەمەش بەڵگەییەکی ئاشکراییە لەسەر خیانەتەکەی سوریا لە فەلەستین و هەموو وڵاتانی عەرەبی(٤١).

**باسی دووەم: ململانێی هەردوو حیزب لەسەر ئاوی ڕوباری فورات و هەناردەکردنی نەوتی عیراق لە ڕێگەی سوریاوە**

دوای ئەوەی لە سەرەتای شەستەکاندا کێشەی ئاوی ڕوباری فورات لە نێوان عیراق و سوریا زیاتر تەشەنەی کرد. ئەم کێشەیە لە قۆناغەکانی دواتریش بەردەوامبوو سەرەڕای ئەوەش هەردوو وڵات نەیانتوانی بگەنە ڕێککەوتن.

ئەوەی تایبەتە بە کێشەکە لە سەردەمی دەسەلاتی بەعس لە عیراق و سوریا، لە خولی نۆیەمی دانوستانەکاندا، کە لە ساڵی ١٩٧١ لە دیمەشق بەڕێوەچوو، عێراق داوای نزیکەی ١٣ ملیار مەتر سێجا ئاوی فوراتی کرد وەک مافێکی دەستکەوتوو، پێشنیاری دابەشکردنی لێشاوی ڕووبارەکانی کرد کە ماوەتەوە، دوای لێبڕینی ئاوی بەهەڵمکراو لە دەریاچەی ئەسەد و دەریاچەی حەبانیە، کە ٤٢% بۆ عێراق و ٥٨% بۆ سوریا. بەڵام سوریا ئەم پێشنیازەی ڕەتکردەوە[٤٢]، پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە سوریا مافەکانی عێراق لە ئاوەکانی دیجلە و فورات ڕەت ناکاتەوە، بەڵکو سوورە لەسەر حیسابکردنی پشکی عێراق بەپێی شێوازە هاوچەرخەکانی ئاودێری. بە واتایەکی تر سوریا ئەو شێوازە سەرەتاییانەی عێراق قبوڵ ناکات، کە دەبێتە هۆی بەکارهێنانی بڕێکی زۆر ئاو[٤٣]، لە ئەنجامدا ئاو بەفیڕۆدانی بەرچاوی لێدەکەوێتەوە.

یەکەمین قەیرانی ئاو بەسەر ڕووباری فورات لە نێوان عێراق و سوریا لە ساڵی ١٩٧٤ ڕوویدا لە دوای دروستکردنی بەنداوی تەبقەی سوریا کە دواتر ناوی گۆڕدرا بە بەنداوی ثورا، هاوکات بوو لەگەڵ پڕکردنەوەی خەزانەی بەنداوی کەبانی تورکیا، ئەمەش بووە هۆی کەمبوونەوەی ٢٥% لە لێشاوی ڕووبارەکە بە بەراورد بە ڕێژەی ئاسایی خۆی، لە ئەنجامدا هەڕەشەکانی عێراق تا ڕادەیەک پەرەی سەند و هەڕەشەی بۆردومانکردنی بەنداوەکەی کرد و دەسەڵاتدارانی عێراق ژمارەیەکی زۆر لە هێزە سەربازییەکانیان بەدرێژایی ڕووبارەکە کۆکردەوە.[٤٤]

سەبارەت بە قەیرانی هەناردەکردنی نەوتی عوێراق لە ڕێگەی بەندەرەکانی سوریا، یەکێکی تربوو لە کێشە ئالۆزەکانی نێوان هەردوو حیزبی بەعسی عیراق و سوریا، کە کاریگەری نەرێنیشی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو دەولەتی عیراق و سوریا دروستکرد ئەم قەیرانەش وەکو کێشەی ئاو لە شەستەکانەوە تەشەنەی سەندبوو بۆیە لە دوای هاتنی بەعسییەکانی عیراق و سوریا، بەهۆی ناکۆی سیاسی و ئایدۆلۆژیان، ئەم قەیرانە زیاتر پەرەیسەند کە کاریگەری لەسەر ئابوری هەردوو وڵات دروستکرد. دوای هاتنی بەعسیەکانی عیراق بۆسەر دەسەڵات،ئەحمەد حەسەن وەزیری نەوت و کارەبای سوریا لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٦٨ خۆشحاڵی خۆی بە جێبەجێکردنی پرۆژە پیشەسازییەکانی

عێراق له کۆماری عەرەبی سوریا دەربڕی[٤٥]. جگە لەوەش (ئەدیب جادر) بەڕێوەبەری کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی عێراق لە دیمەشق، ڕایگەیاند کە گفتوگۆ لەگەڵ بەرپرسانی سوریا دەکات سەبارەت بە ئەگەری کەڵک وەرگرتن لە هێڵی بۆری سوریا بۆ هەناردەکردنی نەوتی عێراق کە لە کێڵگەکانی باکووری عێراق دەرهێنراوە.[٤٦]

یاسای ژمارە) ١٢٥(ی ساڵی ١٩٦٧ی تایبەت بە کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی و پێگەی یاسایی، جگە لە ڕێککەوتنامەی سەرەتایی لەگەڵ کۆمپانیای(ERAP) ی فەرەنسی لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٧ بۆ وەبەرهێنان لە نەوتی عێراق بووە هۆی هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی کۆمپانیای نەوتی عێراق (.[٤٧](I.P.C)

دوای گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ١٧ی تەممووزی ١٩٦٨ حکومەتی نوێ بە سەرۆکایەتی (ئەحمەد حەسەن بەکر) دەسەڵاتی گرتەدەست[٤٨], حکومەت ئاراستەی خۆی بەرامبەر کۆمپانیا قۆرخکارەکان ڕاگەیاند، ئەمەش وایکرد زوو تووشی پێکدادان ببێت لەگەڵ کۆمپانیای(I.P.C) لەسەر پرسی سەرپەرشتیکردن و کۆنترۆڵکردنی سامانی نەوت, کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی لەو کاتەدا کادیر و ستافی پێویستی نەبوو، ئەمەش وایکردبوو نەتوانێت بڕیاری بوێر بدات[٤٩], سیاسەتی نەرمی حکومەت لەگەڵ(I.P.C) زۆری نەخایاند، چونکە حکومەت دەستی کرد بە گرتنەبەری ڕێکاری توند, وەزارەتی نەوت پێدانی مۆڵەتی کارکردنی بە کارمەندە بیانییەکانی (I.P.C) ڕەتکردەوە و لە بەرامبەردا کارمەندی بیانی بۆ کۆمپانیای نیشتمانی هێنا تا مەشق بە کادیری عێراق بکەن[٥٠], ئەمەش وایکرد (I.P.C) بترسێت لە دەستدانی کۆنترۆڵی کارەکانی و ڕایگەیاند کە نەوتی عێراق بە تەنها هی عێراقییەکان نیە و ئەوانیش هاوبەشن لە خاوەندارێتی کردنی نەوتەکە.[٥١]

لە کانوونی دووەمی ١٩٦٩دا حکومەت ئاگادارییەکی تووندی دایە کۆمپانیاکە و هەوڵە نێوەندگیرییەکانی ڕەتکردەوە[٥٢], لە بەرامبەردا وڵاتانی بلۆکی ڕۆژهەڵات هاتنە ناو کێبرکێی وەبەرهێنان و کڕینی نەوتی عێراقەوە. کۆمپانیای(I.P.C) هەڕەشەی یاسایی لەو وڵاتانە دەکرد کە نەوتی عێراق دەکڕن، بە تایبەت سەبارەت بە وەبەرهێنان لە کێڵگەی "نەوتی ڕومەیلە.[٥٣]"

کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی لە ٢١ی حوزەیرانی ١٩٦٩ ڕێککەوتنامەیەکی لەگەڵ دامەزراوەی (Machinoexport)ی سۆڤیەتی واژۆ کرد بۆ دابینکردنی ئامێر و شارەزایی تەکنیکی، لەگەڵ قەرزێکی ٢٥ ملیۆن دیناری بە سوودێکی کەم. دواتر لە تەممووزی ١٩٦٩ ڕێککەوتنامەیەک بۆ پەرەپێدانی کێڵگەی" ڕومەیلەی باکوور" لەگەڵ سۆڤیەت واژۆ کرا.[٥٤]

ئەم هەنگاوانە بوونە هۆی نیگەرانی بریتانیا و ئەمریکا، چونکە پێیان وابوو عێراق بەرەو بلۆکی ڕۆژهەڵات دەچێت, لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٩ ڕێککەوتنامەیەک لەگەڵ کۆمپانیای (کیمو کومبلکس)ی هەنگاری واژۆ کرا بۆ لێدانی چوار بیرە نەوت لە ڕومەیلە. هەروەها ڕێککەوتنامە لەگەڵ پەیمانگای نەوتی فەرەنسی کرا بۆ دروستکردنی تاقیگە لە بەسرە, ئەم ڕێککەوتنامانە تەنها بۆ دەرهێنان نەبوون، بەڵکو بازاڕکردنیشیان گرتەوە و وڵاتانی وەک ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات، چیکۆسلۆڤاکیا، ئیتاڵیا و سریلانکای گرتەوە.[٥٥]

حکومەتی عێراق توانی قۆرخی کۆمپانیا بیانییەکان بشکێنێت, لە بەرامبەردا کۆمپانیای( I.P.C)ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی کەرکووکی کەمکردەوە بۆ ٣.٢٧ ملیۆن تۆن لە کۆتایی ١٩٦٩دا, حکومەت وەڵامی دایەوە بەئاگادارکردنەوە لە بارەی داواکردنی قەرزەکان و گۆڕینی نرخی نەوت، گواستنەوەی بارەگای کۆمپانیاکە بۆ بەغدا و خستنە ژێر چاودێری دارایی عێراق.[٥٦]

لە هەمانکاتدا لە ٢١ی حوزەیرانی ١٩٦٩ ڕێکەوتننامەیەک لە نێوان کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی عێراق و دەزگای (شینۆ ئێکسبۆرت)ی سۆڤیەتی واژۆکرا، بەپێی ئەو ڕێکەوتننامەیە سۆڤیەت هەموو پێداویستییەکی شارەزایی و تەکنەلۆژی پێشکەش دەکات لەگەڵ بڕی قەرزێک بە بڕی) ٢٥ ملیۆن دینار بەمەبەستی کڕینی پێداویستییەکانی کۆمپانیاکە و لە ٤ی تەموز ١٩٦٩ دا ڕێکەوتننامەیەکی تر لە نێوان عێراق و سۆڤیەت بەسترا بەپێی) ٢٤) ملیۆن دینار قەرز بە عێراق درا.[٥٧]

لە ٢١ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٩ کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی عێراق ڕێکەوتننامەیەکی لەگەڵ کۆمپانیای (کیمو کومبلکس)ی هەنگاریدا بەست بۆهەڵکەندنی ( ٤) بیری نەوت وە هەر لەو ساڵەدا وەفدێکی کۆریای باکور سەردانی کۆمپانیای نەوتیان کرد، بەم جۆرە بەعسییەکان هەر لەگەڵ

دەسەڵات وەرگرتنیان زەمینەیان خۆش کرد بۆ خۆماڵی کردنی نەوت و توانیان پشتیوانییەکی نێودەوڵەتی بەهێز بۆ کارەکانیان پەیدا بکەن، بەعسییەکان لە ئاستی ناوخۆدا هەوڵیاندا رێگەیەک بدۆزنەوە بۆ کۆنترۆڵ کردنی هەموو وڵات و جێگیرکردنی دەسەڵاتیان، ئەوە بوو بڕیاری ١١ی ئازاری ١٩٧٠یان دەرکرد بۆ کوردستانی عێراق و چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە شێوازێکی ئاشتی خوازانە، بێگومان ئەمەش بۆ بەدەستهێنانی کات بوو بۆ جێگیر کردنی دەسەڵاتیان لە ئاستی دەرەکیدا, جارێکی تر لە ١٩ی نیسانی ١٩٧٢ پرۆتۆکۆڵی عێراق سۆڤیەتیان واژۆکرد، لە بەندی یەکەمدا هاتووە(یەکێتی سۆڤیەت پشتیوانی ئازاد کردنی نەوتی عێراق دەکات)[٥٨] و هەر لە دوای ئەوەش بەعسییەکان لە مانگی (ئایاری ١٩٧٢) کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامداو چەند بڕیارێکی یەک لە دوای یەکیان دا، یەکێک لەوانە دەستنیشان کردنی ١ی حوزەیرانی ١٩٧٢ بە ڕۆژی خۆماڵی کردنی نەوت، پاشان لە ٣١ی ئایاری ١٩٧٢ نامەیەکیان بۆ حکومەتی سوریا نارد و تێیدا باسی خۆماڵی کردنی نەوتی عێراقیان کردبوو، داوایان لە سوریا کردبوو پشتیگری بەعسییەکانی عێراق بکات لە جێبەجێکردنی پڕۆسەی خۆماڵیکردنی نەوتی عێراق .[٥٩]

پاشان لە ١ی حوزەیرانی ١٩٧٢یاسای ژمارە) ٦٩(ی ساڵی ١٩٧٢ لەلایەن (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش)ی بەعسەوە دەرچوو سەبارەت بە خۆماڵی کردنی نەوتی عێراق[٦٠], هەر لەو ڕۆژەدا ئەو بڕیارە لەلایەن سەرۆک کۆماری عێراق (ئەحمەد حەسەن بەکر) لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەوە خوێندرایەوە، هەر لە دوای ڕاگەیاندنی بڕیاری خۆماڵی کردنی نەوت، حکومەتی یەکێتی سۆڤیەت لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە پشتیوانی لە بڕیارەکە کرد.[٦١]

لە ڕۆژی ٢ی حوزەیرانی ١٩٧٢ سەدام حسێن جێگری سەرۆک کۆمار لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ (غانم عبدالجلیل) پارێزگاری کەرکوک، پێی وت: "سامانی خۆمان بووە هی خۆمان, یەکێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی دەگاتە لاتان بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی پەیوەندی بە خۆماڵیکردنی نەوتەوە هەیە." لە دوای ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنییە، پارێزگار هەستا بە گواستنەوەی فەرمانبەرە بیانییەکان، کە ژمارەیان (٢٠) فەرمانبەر بوو بۆ بارەگای کۆمپانیای نەوتی عێراق لە کەرکوک بۆ ئوتێل "کەرکوک"، لەوێش وەک دەستبەسەر مانەوە تا ئەو کاتەی بۆ وڵاتانی خۆیان گەڕانەوە، لەم کاتەدا بە فەرمانی سەرکردایەتی بەعس کۆمپانیای نەوتی عێراق لە کەرکوک خرایە ژێر چاودێرییەکی چڕەوە.[٦٢]

لەبەر گرنگی کۆمپانیای نەوتی عێراق لە کەرکوک (سەدام حسێن) خۆی سەردانی شاری کەرکوکی کرد و لە کاتژمێر (٥)ی پاش نیوەڕۆ گەیشتە فڕۆکەخانەی کەرکوک و پاشان بە هاوڕێیەتی پارێزگاری کەرکوک گەیشتنە بارەگای کۆمپانیای نەوتی عێراق لە کەرکوک و کۆبوونەوەیەکیان لەگەڵ گەورە کارمەندانی کۆمپانیاکە ئەنجامدا و بڕیاری خۆماڵیکردنی نەوتیان بە ئامادەبووان ڕاگەیاند، ئامادەبووانیان ئاگادار کردەوە کە لەو ساتە وەختەوە ئەوان فەرمانبەرێکن لە خزمەتی دەوڵەتدا کار دەکەن، هەر لەو کۆبوونەوەیەدا ناوی کۆمپانیای نەوتی عێراقیان گۆڕی بۆ کۆمپانیای عێراقی بۆ کارە نەوتییەکان (شرکة العراقیة للعملیات النفطیة) و پارێزگاری کەرکوک وەک بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە دەستنیشانکرا، لە دوای خۆماڵیکردنی نەوت کێشە و ململانێ لە نێوان حکومەتی عێراق و کۆمپانیا نەوتییەکان بەردەوام بوو، بەهۆی زەرەرمەندبوونی کۆمپانیاکان لە ئەنجامی خۆماڵیکردنی نەوت، لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی عێراق لە تەموزی هەمان ساڵدا بڕیاریدا دەستبکات بە بە هەناردەکردنی نەوت بەتایبەت دوای ئەوەی فەرەنسا ببووە نێوەندگیری نێوان حکومەتی عێراق و کۆمپانیا بیانییەکان, هەر لەو ماوەیەدا سوریا بەیاننامەی ژمارە) (٤)ی دەرکرد، و لە ڕێگای خۆیەوە بەپێی ئەو بڕیارە هەموو لولەنەوتییە کانی کە بە ناو سوریادا دەڕۆیشت خۆماڵی کردن[٦٣]. حکومەتی عێراق دوای ئەوەی کۆمپانیای نەوتی کەرکوکی بەتەواوی کەوتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، دەستیکرد بە هەڵکەندنی بیری نەوت، ئەوە بوو لە ٣ی ئابی ١٩٧٢ لە هەڵکەندنی یەکەم بیر بوونەوە[٦٤]. دوای ئەوەی لە ١ی ئازاری ١٩٧٣ حکومەتی بەعس توانی بەتەواوی لە کێشە و ململانێی کۆمپانیا بیانییەکان ڕزگاری بێت، زۆر باوەڕیان بە خۆیان پەیدا کرد، پێیان وابوو کەس ناتوانێت بەرەوڕوویان ببێتەوە، لەبەرئەوەی لە بواری ئابووریدا سەرکەوتنیان بەدەستهێنابوو، بەتایبەت ئەو کاتەی نرخی بەرمیلێک نەوت چوارجار لە پێشتر بەرزبووەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەرهەمی نەوتی کەرکوک ٧٠٪ی هەموو عێراق پێکدەهێنا[٦٥]،

ئەم داهاتە زۆرەی نەوت پەرەی بە دیکتاتۆریەتی حکومەتی بەعس دا و لە بواری پێشێلکردنی مافە مەدەنی و سیاسییەکاندا ڕژێمێکی دامەزراند کە نموونەی لە مێژووی مۆدێرندا نەبوو.[٦٦]

**باسی سێیەم: ململانێی هەردوو حیزب لەسەر سەرکردایەتیکردنی ناوچەکە**

هەردوو حزبی بەعسی سوریا و عێراق درێژە پێدەری یەك پەیڕە و پڕۆگرام بوون ئەویش پە یوەست بوون بوو بە ناسیۆنال- سۆسیالیستی عەرەبی، بە ئامانجی ئەوەی کار بکەن لە پێناو بوژانەوەی نەتەوەیی عەرەبدا[٦٧]، کە لە سەرەتاوە ئاوات و ئارەزووەکانیان باڵی ڕەگەز پەرستانەی ورده بورژوازی ناوەندی عەرەبی دەنواند، لە پێناو یەکخستنی هەموو عەرەبیەکان و زیندووکردنەوەی ئایدۆلۆژیەی حیزبی بەعس بۆ زیاتر نزیکبوونەوەی عەرەبە نەتەوەییەکان لە پاڵپشتیکردنی حیزبی بەعس لە سوریا و عێراقدا.[٦٨]

بەڵام دوای کودەتای(23) ی شوباتی(1966) ی سوریا، حزبی بەعسی سوریا وڵاتەکەی خستە قۆناغێکی چەکداری قورس و پڕ نهێنیەوە، کە بە ڕادەستکردنی بەرزاییەکانی ناوچەی جۆلان بۆ ئیسرائیل گەورەترین خیانەتی لە نیشتیمان و خاك و نەتەوەکەی کرد و لە پەیڕەو و پڕۆگرام و دروشمەکانی بەعسی بوون لایدا[٦٩]، بەڵام لە هەمان کاتدا بانگەشەی بەعسی بوونی خۆیان و ڕکابەری بەعسیەکانی عێراقیان لە دەربڕینی دروشمی بەعسی بوون دەکرد ، بەڵام سەرهەڵدانی کودەتای ساڵی (١٩٦٨)ی بەعسییەکانی عیراق، کێبڕکێی ئایدیۆلۆژی تەنها لەناو سەرانی سەرکردایەتی بەعسدا نەمایەوە، بەڵکو گەیشتە ئاستی کێبڕکێی نێوان هەردوو دەوڵەتی سوریا و عێراق، سەرانی حیزبی بەعسی عیراق دوای سەرکەوتنیان لە کودەتای ساڵی(1968) دا و بالادەستبوویان بەسەر دە سەڵاتی سیاسی عێراقدا، پێیانوابوو عێراق دەبێت سەروەری خۆیان پارێزراو بێت و خۆیان بڕیاردەرین و دوورکەونەوە لە دەسەڵاتی هاوبەش و دەبێت خۆیان خاوەنی دەسەڵاتی بنچینەییبن[٧٠]، ئەم ئاراستەکردن و دەربڕینەی سەرانی بەعسی عێراق، بووە هۆی جیاوازی لە دیدگاکاندا لە نێوان هەردوو حیزبی بەعس و هەریەکەیان وەك خاوەن دەسەڵاتی شایستەتر بەراورد بە لایەنی دووەم سەیری خۆیان دەکرد، بەمشێوەیە پەیوەندییەکی نا سەقامگیر لەنێوان هەردوو حزبی بەعسی سوریا و عێراق هاتە ئاراوە، بەتایبەت کە هەریەک لە هەردوو باڵەکەی حیزبی بەعسی سوریا و عێراق، خۆیان بە نوێنەری ڕاستەقینەی ئەو حزبە دەزانی و لایەنی بەرامبەریان بە لادان لە پرەنسیپە بنچینەییەکانی بەعس تۆمەتبار دەکرد، بۆیە لەهەردوو وڵاتدا سەرکردایەتییەکی نیشتمانی دامەزرا کە خۆی بە سەرکردایەتی شەرعی دەزانی.[٧١]

شایەنی باسەبەعسی نوێ لە سوریا دوای کودەتاکەی ساڵی ١٩٦٨ی عێراق، هەستیانکرد کە شەرعیەتی ڕژێمەکەیان لە مەترسیدایە، چونکە ڕژێمی بەعسی عێراق هەنگاوەکانی زیاتر بەرەو پێشەوە دەچوون و لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی و کێبڕکێی دەسەڵاتی بەعسی سوریای دەکرد[٧٢]، بەمەش دەسەڵاتی بەعسی عێراق بوو بووە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ سەر دەسەڵاتی بەعسی سوریا، لەبەرئەوەی سیاسەتی سەرخستنی عەرەبی و حزبی بەعس" بە پلەی یەکەم ئامرازی کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات بوو لە دوو وڵاتدا.[٧٣] "

هەرچەندە بەعسیەکانی عێراق هیوایان خواست حیزەکەیان بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی مەیلی ناسیۆنالیستی، پەیوەندییەکی باش لەگەڵ سوریا دروست بکات، ئەمەش لەلایەن ئەحمەد حەسەن بەکری سەرۆك کۆمارەوە لە چاوپێکەوتنەکەیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی کۆماری میسری لە(٢٢ی تەممووزی) ١٩٦٨دا پشتڕاستکرایەوە" :بەعسییەکانی عێراق و سوریا لە بۆچوون جیاواز بوون نەک لە پرەنسیپدا"، سەرەتا پەیوەندییەکان دۆستانە بوون، لێژنەی ئابووری سوریا و عێراق کە لە ساڵی

١٩٦٧ پێکهێنرا، له دیمەشق کۆبوونەوە و ڕێککەوتن لەسەر پەرەپێدانی پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان هەردوو وڵات .[٧٤]

کەچی له دوای بەستنی کۆنفرانسی هەرێمی و نیشتیمانی حزبی بەعسی سوری له تشرینی یه کەمی (1968) ناکۆکی و دووبەرەکی لەناو دەسەڵاتدارانی سوریا بەدەرکەوت، بنەمای ئەم ناکۆکییانه ململانێ بوو لەسەر دەسەڵاتی باڵای حزبی بەعسی، بەجۆرێك حزبی بەعسی سوریا له بۆچوونه کانیاندا سەبارەت به بارودۆخ و سیاسەتی حزبی بەعسی له پەیوەندییەکانی دەرەوەدا دابەشی دوو ڕەوت بوو[٧٥]، ڕەوتی یەکەم که به سۆسیالیستەکان ناسرابوون به سەرۆکایەتی صلاح جدید [٧٦]( پاڵپشتی گۆڕانکاریی ریشەیی دەکرد و مامەڵەی لەگەڵ ڕژێمه لایەنگرەکانی ڕۆژئاوا وەک ئوردن و لوبنان و عێراق ڕەتکردەوە و پشتیوانی پشتبەستن به یەکێتی سۆڤیەت کرد، دانیشتوانی سوریا پاڵپشتی خۆیان بۆ ئەم ڕەوته دەربڕی، بەڵام ڕەوتی دووەم که بەڕەوتی ناسیۆنالیستەکان ناسرابوون به سەرۆکایەتی حافز ئەسەد [٧٧] مەیلی ناسیۆنالیستی عەرەبی و هاوکاری سەربازی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی وەک عێراق و ئوردن و سعودیه نیشان دەدا، بەمشێوەیه ناکۆکی کەوته نێوان ئەم دوو ڕەوته ی دەسەڵاتی بەعس لەسوریا، لەلایەك حافز ئەسەد سەرنجی خۆی لەسەر ململانێ لەگەڵ ئیسرائیل چڕکردەوە، له کاتێکدا سەڵاح جدید سێ لایەنگرەکانی نورالدین الاتاسی [٧٨]سەرۆک کۆمار، یوسف زعین [٧٩]سەرۆک وەزیران و ئیبراهیم ماخوسی[٨٠]وەزیری دەرەوە مەیلی ئەنجامدانی کودەتایان هەبوو بەسەر سەرکردایەتی حیزبی بەعسدا .[٨١]

له قۆناعی دواتردا هەڵوێستەکانی ناو بەعسی سوری بەرامبەر به بەعسی عیراق پیچەوانه بۆوە.ئەوەبوو سوریا بەهۆی ناکۆکی له نێوان حافز ئەسەد و صلاح جدید گرژی و ئاڵۆزییەکان زیاتر بوو، که کاتێك به تووندی دژی ئەو داواکاریەی صلاح جدید وەستایەوە که داوای لێکنزیکبوونەوەی لەگەڵ بەعسییەکان له عێراق کرد، لەکاتێکدا بەرەی حافز ئەسەد له دوای کودەتای بەعسییەکانی عێراق بڵاویان کردەوە که بەعسییە عێراقییەکان له حزب دەرکراون، بەڵام بەهۆی ڕکابەریی نێوان هەردوو باڵەکه دژ بەیەک له پارتی دەسەڵاتدار له سوریا، پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات بەردەوام بوو له دابەزین، لەژێر کاریگەری ئەمەشدا حافز ئەسەد وەزیری بەرگری ئەوەندە هەستی به بەهێزی کرد، که به تەنیا هاوپەیمانییەکی سەربازی لەگەڵ جەنەڕاڵ(حماد شهاب)[٨٢] ی عێراق دروستکرد.[٨٣]

بەمجۆرە هەردوو ڕژێمەکه به کێبڕکێ لەسەر هەمان ئامرازەکانی کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات، بەمەبەستی شەرعیەتدان به ڕژێمەکەیان له ناوخۆدا و گەیشتن به هاوسەنگی ناوچەیی بەردەوامبوون، بەعسییەکان له سوریا شەڕێکی پڕوپاگەندەیان له دژی هاوتاکانیان له عێراق دەستپێکرد بۆ ناشەرعیکردنی ڕژێمەکەیان[٨٤]، له بەرامبەردا سەرکردایەتی بەعسی عێراق وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ سەرانی بەعسی سوریا له بەیاننامەیەکدا بڵاویانکردەوە که سەرانی بەعسی سوریا تەنها ناوی بەعسیان هەڵگرتووە و هیچ پەیوەندییەکیان به بەعسی عێراقیەوە نیە و دژی سروشت و ئامانجه ڕاستەقینەکانی بەعسن، هەروەها میدیاکانی ڕۆژئاواو بەشێك له وڵاتانی عەرەبی بەمەبەستی تێکدانی نێوان سوریا و عێراق بەمەبەست زاراوەی بەعسی بەکاردەهێنن، بەشێکیش به پێچەوانەوە بەمەبەستی نیازپاکی نیوان دەسەڵاتی سوریا و عێراق ئەم زاراوەیه بەکاردەهێنن، سەرەڕای ئەوەش هەموو جیهان دەزانێت که لەڕاستیدا یەك دەسەڵات هەیه که بەعسی بێت ئەویش بەعسی عێراقه، بەڵام بەعسی سوریا جگه له ناوەکەی هیچ شتێکی هاوبەشی لەگەڵ پارتی بەعسیدا نیه .[٨٥]

سەرەڕای بەردەوامی ناکۆکی و دژایەتی حزبی بەعسی سوریا بۆ حزبی بەعسی عێراق، بەڵام حزبی بەعسی عێراق هەوڵیدا ناکۆکییەکانی نێوان هەردوو لقی حزبەکه چارەسەربکات، بەڵام حزبی بەعسی سوریا و

عێراق هیچ ناکۆکییەکیان لەسەر پرسەکانیان نەبووە بەڵکو ناکۆکییەکان زیاتر لە بارەی ئایدۆلۆژی و بۆچوونەکانیان بوو، سەرەڕای ئەوەی هەردوو حزب لەسەر یەك بنەما دامەزرابوون، ئەویش بەعسی و گرنگیدان بە ڕەگەزی عەرەبی بوو، سەرەڕای ئەوەش عێراق پێشتر پێشوازیی لە بەعسییەکانی سوریا لە دەربەدەریدا کردبوو، هەروەها لە ڕووی ئابوورییەوە یارمەتی لوبنانی دابوو دوای سەپاندنی سزای ئابووری لەلایەن سورياوە بەسەر وڵاتەکەدا.[٨٦]

زیاتر لەوەش بەعسی عێراق لە ڕووی دارایی و سیاسییەوە بەهێزتر بوون لە سوورییەکان، ئەوان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە ئەوان نوێنەرایەتی ئایدۆلۆژیای ڕاستەقینەی بەعس دەکەن، وەک چۆن ئێستا میوانداری دامەزرێنەری حیزب میشێل عەفلاق دەکەن و عێراق توانای سیاسی و ئابووریی هەیە بۆ ئەوەی ڕۆڵی سەرکردایەتی بەعس بگرێتە ئەستۆ، بەڵام سوورییەکان لە ڕووی سیاسیشەوە بەهێز بوون، ئەوان بە شانازییەوە سوریایان وەک سەرکردەی مێژوویی ئەو حیزبە دەبینی و قسە و باسەکانی بەردەوام لەسەر ئەمە جێگیر بوو. هەرچەندە میشێل عەفلەق بەڕەچەڵەك سوری بوو و لە سوریا دەرکرا بوو و هاتبووە بەغداو ناوبراو وەک نیشاندانی سەروەری سوریا لە بزووتنەوەی بەعسدا ئاماژەی پێدەکرا، جگە لەوەش سوریا بارەگای بەعس بووە لەکاتێکدا بەغدا لەگەڵ وڵاتانی تری عەرەبی تەنها ناوەندێکی ناوچەیی بووە .[٨٧]

ئەوەی تێبینی دەکریت جەنگی ساڵی ١٩٦٧ی عەرەب- ئیسرائیل سیاسەتی ناوخۆی سوریای نائارام کرد، لەلایەکی تریش سەرۆکی حزب صلاح جدید و وەزیری بەرگری حافز ئەسەد هۆکارێك بوون بۆ سەرهەڵدانی ناکۆکی، کە وەزیری بەرگری دەستی کرد بە تۆمەتبارکردنی صلاح جدید بە خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ کاروباری ناوخۆیی و دەرەوەی سوریا، حافز ئەسەد پێشنیاری ئازادکردنی ئابووری و کرانەوەی حیزب بەڕووی خەڵکدا و دروستکردنی ئیدارەی ناوخۆیی لەسەر ئاستی پارێزگاکان کرد، کەچی صلاح جدید زیاتر مەیلی بە ناوەندکردنی دەسەڵات و نزیکبوونەوەی ئەندامێتی حزب بۆ دووركەوتنەوە لە دزەکردن و سۆسیالیزم بوو، لە هەمووی گرنگتر حافز ئەسەد پێشنیاری ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی سوریای لەگەڵ عێراق کرد.[٨٨]

بەمجۆرە دۆزمنایەتی نێوان ئەو دووحیزبە بەردەوامی هەبوو، هەردووکیان لە باڵی مەدەنی و سەربازییەوە بە هەمان شێوە هەوڵیان دەدا بۆ دەسەڵات و پشتیوانی لەناو حیزبدا، وەک وەزیری بەرگری، حافز ئەسەد، سەرۆکی ئەرکانی سوپای سووریا، هاوپەیمانی متمانەپێکراوی صلاح جدید، ئەحمەد سویدانی بە هاوپەیمانی مستەفا طلاس[٨٩]، طلاس کە هاوڕێی حافز ئەسەد بوو، هەردووکیان لە ساڵی ١٩٥١ پەیوەندییان بە ئەکادیمیای سەربازیی حومسەوە کردبوو، هەروەها حافز ئەسەد هاوپەیمانی دیکەی جدیدی بە ناوی ئەحمەد میر لە کارەکەی دوورخستەوە، کە لە ساڵی ١٩٦٧ لە جەنگی ئیسرائیلدا فەرماندەیی هێزەکانی سوریای لە بەرزاییەکانی جۆلان کردبوو .[٩٠]

شاینی ئاماژەبۆکردنە تاوەکو لە ساڵی ١٩٦٨دا حافز ئەسەد نزیک بوو لە کۆنترۆڵی تەواوی دامەزراوە سەربازییەکان، صلاح جدید هێشتا لە ڕێگەی هاوپەیمانەکەیەوە کە عەبدالکریم جوندی بەرپرسی دەزگای ئاسایش و هەواڵگری بوو، ئەم دووەمیان دوای کودەتای مانگی شوباتی ساڵی ١٩٦٦ وەزیری چاکسازی کشتوکاڵی بووە و ئەندامیNCRC ی ئەو پارتە بووە، عەبدولکەریم جوندی تا ڕادەیەک تووندوتیژ بوو، بە درێندەیی بەناوبانگ بوو، ئەلجندی تۆمەتبار کرابوو بە پیلانگێڕی بۆ تیرۆرکردنی حافز ئەسەد، مەسەلەکە بوو بە کەسی، ڕفعەت ئەسەد برای حافز ئەسەد و فەرماندەی هێزێکی تایبەتی ئەمنی ئەو حیزبە، کودەتای دژی عبدالکریم جوندی دەستپێکرد، حافز ئەسەد دەستی بەسەر سەرکردایەتی سەربازی وڵاتداگرت و بەسەر عبدالکریم جوندیدا سەرکەوت، بەڵام لە ترسی ئەشکەنجەدان و لێپێچینەوە عبدالکریم جوندی تەقەی لە خۆی کرد[٩١]

